**پێنجەم لە ڕووی کاروباری ئیسلامی و ئیرشادی ئایینییەوە:**

حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە هەوڵ و کۆششی بەردەوامدایە بۆ باشکردنی گوزەرانی مامۆستایانی ئایینی و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستییان و هاندانیان بۆ خزمەتکردنی زیاتری ئایین و وڵاتەکەمان و پێشخستنی ئەزموونی گەلەکەمان. لەم بوارەدا بەرپرسانی پێوەندیداری حکوومەتی هەرێم سەردانی قەزا و ناحیە و شارەکانیان کردووە و سەرنج و تێبینی و پێشنیازی مامۆستایانیان ڕەچاو کردووە و دوای لێکۆڵینەوەیان ڕێگەچارەیان بۆ دۆزراوەتەوە.

**لە ڕووی کاروباری ئیسلامی و ڕێنوێنی ئایینییەوە گەلێک چالاکی ئەنجام دراون کە گرینگترینیان ئەمانەن:**

- بە مەبەستی جێبەجێ کردنی ناوەڕۆکی ماددەی ٢/نۆیەم لە یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی ژمارە (٧) ساڵی ١٩٩٢ کە تایبەتە بە پتەوکردنی پێوەندی لەگەڵ گەلانی موسڵمان و جیهانی ئیسلامی، لە ماوەی ئەم ساڵەدا شاندێکی کۆماری ئیسلامی ئێران بە سەرۆکایەتیی سەید مستەفا خاتەمی ئەندامی ئەنجوومەنی شورای ئیسلامی و وەفدە یاوەرەکەی پێشوازییان لێ کرا.
- هەروەها لە ڕێکەوتی ٢٠٠١/٨/٢٦ وەکیلی ئەزهەری شەریف بەڕێز (د.مەحمود عەبدولغەنی عاشور) بوو بەمیوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ماوەی یەک هەفتە لە هەرێم مایەوە و چەندین دیدار و چاوپێکەوتنی لەگەڵ بەرپرسانی حزبی و حکومی ئەنجام دا.
- بەجێهێنانی فەریزەی حەج بۆ ساڵی ڕابردوو کە بۆ ئەم مەبەستە دوو وەفد بەناوی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە سەردانی وڵاتی عەرەبی سعودییان کرد.
- هاوکاریکردنی ماددی ژمارەیەک لە مامۆستایانی ئایینی پەککەوتە و پێویست.
- بڕینەوەی مووچەی ٢٠٠ دوو سەد دینار بۆ زیاتر لە ٣٠٠ نابینا لە هەرێم.
- دابەشکردنی نەوت بەسەر سەرجەم تەکیە و مزگەوت و قوتابخانە ئیسلامییەکاندا.
- دابینکردنی کتێبی پرۆگرام بۆ قوتابخانە ئیسلامییەکانی سەربە وەزارەت بە بڕی ١٦٠,٠٠٠ سەد و شەست هەزار دینار.
- دابینکردنی جلوبەرگ بۆ قوتابیانی گشت قۆناغەکانی قوتابخانە ئیسلامییەکانی سەربە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی، کە ٤٣٦,١٨٣ چوار سەد و سی و شەش هەزار و سەد و هەشتا و سێ دیناری تێ چووە.
- کردنەوەی پێشانگەیەک بۆ دەستنووسی ئیسلامی لە شاری هەولێر.
- کردنەوەی پێشانگەیەک بۆ ژمارەیەک خۆشنووسی هەرێمی کوردستان تایبەت بە خەتی ئیسلامی.
- دەرکردنی گۆڤارێکی وەرزی بەناوی خۆری ئیسلام.
- پێشکێشکردنی بەرنامەیەکی هەفتانەی ئایینی لە تەلەفزیۆنی هەرێم.
- دەرکردنی ڕۆژژمێرێکی ساڵانە بەناوی وەزارەتی ئەوقاف و دابەشکردنی بەسەر هاووڵاتییاندا.
- دەرکردنی ئیمساکیەی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز بۆ یەکخستنی ڕۆژووشکاندن لە سەرانسەری هەرێم و دابەشکردنی بەسەر هاووڵاتیاندا.
- پێشکێش کردنی وەعزی ڕۆژانە لە مانگی ڕەمەزان و ڕێکخستنی بەرنامە ئایینییەکان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا.

- ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار بۆ ژمارەیەک لە مامۆستایانی ئایینی لە بۆنە ئایینی و نیشتمانییەکاندا.
- کردنەوەی دوو خول بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستیی وتاربێژەکان لە هەرێمی کوردستاندا.
- یادکردنەوەی یادی ئیسرا و میعراجی پێغەمبەر (د.خ).
- یادکردنەوەی مەولودی پێغەمبەرمان محەمەد (د.خ).
- ئەنجامدانی دوو خوان لە مانگی ڕەمەزان بۆ مامۆستایان و پیاوماقوڵان و فەقێیانی هەرێم.
- یادکردنەوەی شەوی بەدری گەورە و سەری ساڵی کۆچی.
- چاپکردنی ژمارەیەک کتێب بۆ مامۆستایانی ئایینی.
- دامەزراندنی دەستەیەکی باڵای فتوا بە هاوکاری لەگەڵ مەکتەبی تەنفیزیی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامی پیرۆز.
- دامەزراندنی دەستەیەک بۆ ڕاگەیاندنی ئایینی لە دیوانی وەزارەتی ئەوقاف.
- دانانی ڕێنوێنی تایبەت بە قورئان خوێنەکانی هەرێم و یەکخستنیان لە ڕێگەی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی پێویست و پێدانی مۆڵەتی قورئان خوێندن بە دەرچووەکان.
- ئەنجامدانی ئەزموونێکی تایبەت بەیەکسان کردنی بڕوانامە بۆ دەرچووانی خاوەن بڕوانامە زانستییەکان، ئەمەش لەسەر تیشکی بڕیاری ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان ژمارە ٢٣ لە ٩/ ١٠/ ١٩٩٤.

پاتی ٣٠,٠٠٠ سی هەزار دینار بۆ ئەم ئەزموونە تەرخان کرا و ٨٧ خاوەن مۆڵەت لە هەموو هەرێمی کوردستان بەشدارییان تیادا کرد.
- کردنەوەی ٧٣ خولی لەبەرکردن و فێرکردنی قورئانی پیرۆز بۆ قوتابییانی هەرێم لە وەرزی هاویندا.
- کردنەوەی ٧ خولی بەردەوام بۆ فێرکردنی زانستەکانی ئایینی ئیسلام لە پارێزگەی هەولێر.
- ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی وەزاری بۆ قوتابییانی قوتابخانەکانی ئیسلامی لە قۆناغەکانی کۆتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە پارێزگەکانی هەرێمدا.
- کردنەوەی خولی لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز بۆ نابینایانی پارێزگەکانی هەولێر و دهۆک و سلێمانی و کەرکوک.
- بەبۆنەی یادەکانی ئادار و نەورۆزەوە هەڵمەتێکی نەمام چاندن ئەنجام درا لە ناو مزگەوتەکان و شوورەی گۆڕستانەکان.
- بەبۆنەی یادەکانی ئادار و نەورۆزەوە سەردانێک ڕێک خرا بۆ سەرجەم فەرمانبەران و مامۆستایانی ئایینی بۆ مەزاری نەمران.
- بە هەمان بۆنەی ئادار و نەورۆزەوە ئاهەنگێک ڕێک خرا بۆ دەرچووانی خولە جۆراوجۆرەکانی سەربە وەزارەتی ئەوقاف و چەند پێشانگەیەکی دەستنووس و خۆشنووسان کرانەوە کە لەلایەن مامۆستایانی ئایینی و خۆشنووسانەوە ئامادە کرابوون.
- لەبەر گرینگیی توێژی فەقێیان لە هەرێمی کوردستان و بە مەبەستی ڕێکخستنیان هەوڵێکی جدی دراوە بۆ ناونووس کردنیان و کۆکردنەوەیان لە ڕێکخراوەکانی قوتابیان و، هاندانیان بە ڕێکخستنی زنجیرەیەک کۆڕ و سمینار بۆیان و، هاوکاریکردنیان لە ڕێگەی تەرخانکردنی ١٥٠٠٠ پازدە هەزار دینار وەکو پێشینەی مانگانە.